**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# کۆنفرانسی نێونەتەوەیی گەلکوژی لە شاری سەرایڤۆ و هەوڵی کارکردن لەسەر کارەساتەکانی گەلی کورد لەم ئاستەدا




From left: Norman F. (ICTY), Greg Stanton (president of IAGS), ...., Carla Del Ponte (chief prosecutor of the ICTY), Israel Charny (former president of IAGS), Sarajevo, Hotel Hollywood, 10.07.2007, CHAK

لە ڕێکەوتی 9 تا 14 ی ژولای 2007 دا لە شاری سەرایێڤۆ لە بۆسنیا ڕێکخراوی هاوکاریی نێونەتەوەیی شارەزایانی گەلکوژی (IAGS) The International Association of Genocide Scholars کۆنفرانسی حەفتەمی نێونەتەوەیی خۆی سازکرد. کۆنفرانسەکە گەورەترین کۆبوونەوەی شارەزایانی بواری ژینۆسایدە کە ئەو ڕێکخراوە تا ئێستا ئەنجامی دابێت. جگە لە ئامادەکاران و میوانەکان 350 شارەزا، لێکۆڵەر، نوسەر و هونەرمەند بە پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە و بابەتی هونەریی بەشداریان کرد. زیاتر لە 350 بابەت لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا لە پرۆگرامێکی چڕوپڕی ڕۆژانەدا پێشکەشکران. زۆربەی بابەتە پێشکەشکراوەکان لێکۆڵینەوە بوون لەمەڕ بواری جیاجیای پەیوەستدار بە گەلکوژی هەر لە بواری دادگا و قانونەوە بگرە تا کێشە دەرونیەکانی دوای کارەساتی گەلکوژی، هەموو ئەو بابەتانە خرانە ژێر تیشک و پرسیار و وەڵام.

شایانی گوتنە سێ کەسی ئەکادیمی کورد چۆمان هەردی (باشور)، ئومێد ئوگور ئونگۆر (باکور)، شاخەوان شۆڕش (باشور) بە چوار لێکۆڵینەوە و دوو کۆڕی هۆنراوە بەشداریان لەو کۆنفرانسەدا کرد کە بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

چۆمان هەردی:

- دوو کۆڕی هۆنراوە لە سەرەتا و کۆتایی کۆنفرانسەکەدا: هۆنراوە لەسەر ئازار و مەینەتیەکانی گەلی کورد
- لێکۆڵینەوە: کاریگەریی گەلکوژی لەسەر ژنە ڕزگاربووەکان لە دوای کارەساتی ئەنفال لە کوردستانی ئێراقدا

ئومێد ئوگور ئونگۆر:

- لێکۆڵینەوە: هێنەرانی بەقوربانییکردن: شوێنهەڵگرتنی گەلکوژی لە بەلکانەوە بۆ ئەناتۆلیا 1912 - 1915

شاخەوان شۆڕش:

- لێکۆڵینەوە: گەلکوژی ئەنفال: هۆکار و فاکتەرەکانی کە بوونە هۆی ڕوودانی گەلکوژیەکە
- لێکۆڵینەوە: بەراوردێک لە نێوان کوشتاری بارزانیەکان و بۆسنیەکانی سرێبرەنیسا و ئەگەری بوونی تاوانی گەلکوژی



Choman Hardi — Umit U. Ungor — Shakhawan Shorsh

لە کۆنفرانسەکەدا گەلێ بابەت کە پەیوەندیان بە گەلکوژی بۆسنیاوە هەبوو لە گەلێ دیدی جیاوە پێشکەشکران، کوشتار و گەلکوژی بۆسنیەکان، ئەنجام و کارەکانی دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا ICTY گرنگی زۆریان پێدرا، بێگومان ئەوەش لەبەر ئەوەی کۆنفرانسەکە لە بۆسنیا بوو و گەلێ لە کەسان و شارەزایانی بۆسنی و جیهانی بابەتیان لەسەر ئامادە کردبوون.
کارەساتەکانی وەکو گەلکوژی هۆلۆکۆست، گەلکوژی ئەرمەنیەکان، گەلکوژی ڕواندا شوینی دیاریان لە بابەتی لێکۆڵینەوەکاندا هەبوو.
بابەتی گشتی لەسەر گەلکوژی، سەبارەت بە پێناسەی گەلکوژی، نکۆلیکردن، چارەسەر و تێپەڕاندنی تراومای گەلکوژی بەگشتی بە بەرچاوی هەبوون.

شایانی سەرنجدانبوو کەوا بەشداران ئەوەی لە بیریان نەبوو کارەسات و کوشتار و گەلکوژی دژ بە گەلی کورد بوو، کارەساتەکانی وەکو گەلکوژی دەرسیم، بارزانیەکان و هەلەبجە و ئەنفال یا هی دیکە. ئەگەر ئەو چەند کەسە کوردە لەوێ نەبوان ئەو بابەتانە لەو کۆنفرانسە گەورەیەدا کە بەتایبەتی بۆ کۆمەڵکوژی و گەلکوژی ئامادەکرابوو، واپێدەچوو دوانیان لەسەر نەدەکرا.

جگە لەو بابەتانەی لە لایەن کەسە کوردەکانەوە پێشکەشکران، ڕەخنە لە لەبیرکردنی کارەساتی گەلکوژیەکانی گەلی کورد لە IAGS گیرا، نامیلکەیەک لەسەر گەلکوژی ئەنفال کە لە لایەن ڕێکخراوی چاک ئامادەکرابوو درایە زۆر لە کەسانی ناودار و شارەزای گەلکوژی وەکو ئیزرایل چەرنی Israel Charny، فرانک چۆلک Frank Chalk ، ڕەنێ لێمەشاند Rene Lemarchand ، گرێگ ستانتۆن Greg Stanton و هی دیکە، پرسیار لەسەر کارەساتەکانی گەلی کورد وروژێندران و دوان لەسەر بابەتەکان بە پێی توانا لێرەولەوێ ئەنجامدران. جگە لە گفتوگۆی تایبەت لەگەڵ کەسانی شارەزا و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر بابەتەکان کە بەشێوەیەکی دیکە سوودی هەبوو.

شایانی گوتنە بە گشتی دان بە بوونی ئەو کەلێنە لە هزری ڕێکخراوی IAGS و شارەزایاندا نرا و بەڵێنی کارکردنی لەسەریان بە شێوەی جیا جیا درا. لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا ناوی گەلکوژی ئەنفال خرایە ڕیزی کارەساتەکانی دیکە کە جارجارە لەسەر ڕووپەخشی گەورەی هۆڵی سەرەکی کۆنفرانسەکە پیشان دەدران.

بۆ بینینی تەواوی بەرنامەی کۆنفرانسەکە کلیکی ئەو ناونیشانە بکە:

http://www.genocidescholars.org/blog/?page_id=3

**ناوەندی چاک**

2007/07/15